# مافي كةركوك لة ضوارضوةي مافي مرؤظ وأةوايةتي كوردستان بووندا ... كازموة سالَح

<u>بەشی یەکەم</u>

ماف بریتیێ لە کۆمەڵێ تایبەتمەندی وخەسڵەت کە پێویستە بە شێوەیەکی سروشتی هەموو مرۆڤێک خاوەنی بێت، کار و مامەڵەی پێ بکات و بنەماکانی ژیان و رەوایەتی ژیانیکی سروشتی تێدا بەجەستە بکات بە شیوەی ئـاسایی و دوور لە هەر پارانەوەو توندوو تیژەیک بۆ دەستە بەر بوونی.

جۆری مافیش بۆ هەموو مرۆڤ و وولات و نەتەوەیەک دەبێت بە دوو بەشەوە:

1- مافە سەرەتاییەکان

2- مافە تایبەتیەکان یان مافەکانی دی.

تەرازووی ئەو دوو هاوکێشەیەش متمانە دەخاتە سەر پێوەرە زەمەنیەکان وەکو ئەوەی ئەو پێوەر و مافانە دابەش دەکات بە سەر سێ فاکتەردا لەوانە:

ا-مافی سیاسی و مەدەنی.

ب-مافی کومەڵایەتی و رۆشنبیری.

ج- مافە گشتیەکان.

هەموو نەتەوەیەک وەکو تاک و کۆو دەسەڵات مافی خۆیانە لە چوارچیوەو قەوارەی وولاتی خۆیدا داوای سەرجەمیان بکات، لە دەرەوەی جوگرافیای وولاتی خۆشی داوای زۆرینەی بکات هەتا ئەو کاتەی رەگەزنامەی هاولاتی بوون وەردەگریت و پاشان دەبێت بە خاوەنی هەموو ئەو مافانەی هاولاتی ناتیڤ هەیەتی. . . ئەمەش فج سەرجەم ناوچەکانی جیهان و هەموو مرۆڤێک رەوایە کەرکوک و کورد نەبێت.

کەرکوک ئەو ئەندامە بریندارەی لەشی کوردە کە هەمیشە بە دەستی ناحەزان و داگیرکەرانی کورد برینەکانی هەلکەندراوەو و هەرگیز ریگە بە ساریژ بوون هەناسەدانی بێ ئازار نەدراوە.

ئەو خاکە زێرینەیە کە هەرگیز لە نەهامەتی هیزی چاو چەڵێسەکانی بەدەر نەبووە و هەمیشە مایەیی مشت و مری ئیمپریالیستە یەک لە دوای یەکەکان بووە.

لەم نووسینەدا تەنها ئاماژەیەکی کورت بە جوگرافیا و مێژووی کەرکوک دەکەم چونکە باسکردنی تەنها دووبارەبوونەوەیەو هەردوو فاکتەر لای مرۆڤی کورد زۆر ئاشکرایە و چەندین سەرچاوە زۆر بە ووردی و بە بەڵگەوە لەو مەسەلەیە دواون.

مافی خاوەنداریەتی کەرکووک وەکو جوگرافیا.

گومان لەوەدا نیە کە مافی خاوەنداریەتی کەرکوک دەگەرێتەوە بۆ نەتەوەی کورد چونکە کەوتوەتە هەرێمی کوردستان و 160کم باشوری رۆژهەڵاتی شاری موسڵ کە ئەویشی شارێکی کوردیە، خاوەنداریتی کەرکوک بە زۆری وولاتە زلهێزکان لە کورد سەندراوە ئەو کاتەی " بە پێی پەیمانی (مۆدروس) ی ئوکتۆبەری 1918 سوپای بەریتانی بە سەرۆکایەتی جەنراڵ مارشاڵ لە 17 ی مارسی 1918 ئەو شارەی داگیرکردو دوای وازی لێهێنا بۆ ئەوەی لە مانگی ئوکتۆبەری هەمان ساڵدا بگەرێتەوە بۆ داگیرکردنی "1.

گرتنەوەی دووەم پاش دڵنیا بوون لە سامانی نەوتی کەرکوک بووە لەویوە بە خواستی کۆنترۆڵکردنی ئەو سامانە پترۆلیە مافی موڵکداریتی لە کورد وەردەگرێتەوە، بۆ ئەوەی بە ئاسانی ژێر چنگ بکەوێت و بە شێوەیەک کە ئەو نەخشەیە وون ببێت، بە پێی ستراتیژی سیاسیانەی پلان بۆ دانراوە لە سەرەتاوە و لە سەردەمی عوسمانیەکان هەتا عێراقی مەلکی و کۆماری هەمیشە هەوڵ دراوە نەتەوە جیاوازەکان بە پێی بەرژەوەندی قۆناغ و سەردەمە جیاوازەکان لە کەرکوکدا نیشتە جێ بکرێت ، نەتەوەیەک باڵا دەست کراوە ، مافی پۆست و نرخ و بەهای دام و دەزگاکانی کەرکوکی پێ بەخشراوە، بەو ستراتیژە لە مافی تاک نەتەوەییەوە خاوەنداریەتی کەرکوکیان دابەش کرد بە سەر مافی فرە نەتەوەییدا، لەوانەش عەرەب و تورک بەشی شێریان بەرکەوت.

جێگیرکردنی تورکمان لە کەرکوکدا.
سەرچاوەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە سەفەویەکان و دەسەڵاتدارانی ئەستانە پاش ئەوەی کوردستانیان داگیر کرد و دەرکیان بە نرخی ئەو ناوچەیە کرد سەرەتا وەکو هێڵێکی سەرەکی بازرگانی و گواستنەوە کە ئەستانە و ئەنازۆل دەبەستێتەوە بە ئێرانەوە، دوایش وەکو شارێکی فرە پترۆلی بۆیە ئەو شارە لە شارەکانی دی زیاتر بوو بە قوربانی داگیرکاران، هەر لە سەرەتاشەوە تورکەکان پلانی ستراتیژی درێژ خایەنیان هەبوو، بۆ ئەو مەبەستەش منالەکانی خۆیان دەنارد بۆ زانکۆ بەرزەکانی تورکیا لەوی رۆناغەکانی خوێندنیان تەواو دەکرد ئەمە لە کاتێکدا لەو سەردەمەدا خۆێنەوار و قوتانخانە زۆر کەم بوو، بەو شێوەیە تورکمان دەبوون بە یەکە خوێندەواری ناوچەکە و لەو لاوە بە بروانامە و رۆشنبیری سیاسی ئابووری و ڕامیاری فکری شۆڤێنی کەمالیستی دەگەرانەوە، بە تایبەت سونیەکان زۆربەی پۆستە بەرزەکانی ئەو کات و هێڵی بازرگانی و دەستەلاتیان لەو شارەدا وەرگرت.
ئەوەش یەکێک لەو خالە گرنگانە بوو کە هاوکاری پراکتیزە کردنی سیاسەتی خۆیان دان کە سیاسەتی کەمالیستی بوو نەك سیاسەتێکی گشتگیر کە ئەرك و مافی هەموو لایەنەکان و نەتەوەکانی تێدا بەرجەستە بکرێت، لێرەدا نەك هەر مافی مرۆڤی کوردیان پێشێل کردووە بەڵکو دەستەڵاتی ئەو کاتەیان ڕێگەی داون هەندێ جار مافی تورکمانی شیعەو عەرەبشیان تا ڕادەیەك پێشێل کردووە.
نیشتەجێ کردنی عەرەب
دەستی تەعریب بۆ ناوچە کوردیەکان لەسەرەتای دەرکردنی دکتاتۆرەکانی عێراق بووە بە مەترسی هەبوونی کەسێتی یاسایی کورد وەکو تاك، نەتەوەی کورد وەکو کۆمەڵ ، پراکتیك کردنی سیاسەتی لەناوبردنی سەروەری نەتەوەیی و ڕاگوێزان و نیشتەجێ کردنی بێگانە لە ناوچەکوردیەکاندا بە فاکتەرێکی گرنگ هەلبژێردرا. ئەو پۆستانەی کەپێشتر تورکمانەکان بە پاڵپشتی کەمالیستەکانی تورکیا بەدەستیان هێنا بوو لە ساڵی 1969 وە ئەو کاتەی (مەزهەرئەلتیکریتی) بەڕەگەز عەرەب کرا بە سەرۆکی کەرکوك ئێتر ئەو پۆستە بوو بە کلاورۆژنەی کشانی عەرەب سەرەتا بە تاك و لە ڕێگەی وەرگرتنی پۆستەوە، دوایی بە سیاسەتی نیشتەجێ کردنی عەرەب بۆ بە عەرەب کردنی ناوچەکەو ئیتر لەو مێژووەوە ئەو پۆستە هەمیشە بەر عەرەب کەوت. . عەرەبیش هەمیشە رۆلی جەلادی گێراو و کوردیش قوربانی.
ڕەوایەتی دان بە پرۆسەی جەلاد و قوربانی
کورد وەکو زۆرینەی دانیشتووانی شاری کەرکووك و شاری موسڵ کە لە سەردەمێکدا بە ویلایەتی موسڵ ناوبراوە بەڵام ئەوساو ئێستاش وەکو دوو شاری جیاواز مامەڵەی لەگەل دەکرێت. لە هەموو شارەکانی تر و تەنانەت لە سەرجەم پارچەکانی تری کوردستانیش زیاتر مافی کەوتۆتە بەر چاوچڵێسی داگیرکەرە زلهێزەکان هەروەها داگیرکەرانی ناوخۆ و زۆردارانی دراوسێش، ئەویش بەهۆی ئەو سروەت و سامانی پترۆلیەی لەو ناوچەیەدا هەیە. کە لەسەردەمی داگیرکردنی بڕیتانیادا هەردوو شاری کەرکووك و موسڵی کوردستانی لەگەل شاری بەسرەی عەرەبنشیندا ببوون بە سێکۆچکەی ئامانج و ناکۆکی و پەیمانە جۆربەجۆرەکانی نێوان داگیرکەران بە تایبەت بڕیتانیاو تورکیا. ئەو سەردەمانەش تورکیا داوای لە بڕیتانیا کرد کە سەرژمێری بکرێت و بە پێی ئەوسەرژمێرییە مافەکان بەسەر تورکیا و بڕیتانیا دا دابەش بکرێت بەڵام بڕیتانیا ئەوەی رەت کردەوە بە بیانووی ئەوەی ئەو مەسەلەیە پەیوەندی بە هێڵی سنووری نێوان هەردوو لاوە هەیە نەك ناوچەیەك لە ناوچەکان بۆیە ئەو پێشنیازەی ڕەت کردەوە بۆیە مافی جێبەجێ کردنی بە پێشنیازەکەی تورکیا نەبەخشی، بەڵام هەر دوو لایان وەکو دوو داگیرکەری چاو لەبەرژەوەندی یەکی ئامارێکی ئامارێکی درووستکراوی خۆیان خستە ڕوو بۆ ئەوەی هەر یەکەیان بۆ ئەوی دی بسەلمێنێ نفوزێ زۆرترەو لێرەدا نەخشەی ئەو ئامارەی کە هەر سێ لا مافزەوتکاری کورد بڕیتانیا و تورکیا و عێراق دەخەینە ڕوو:
نەخشە2

| | ژمارەی تورکیەکان سالی 1923 | ژمارەی بەریتانیەکان سالی 1921 | ژمارەی عێراقیەکان سالی 1921 |
|---|---|---|---|
| کورد | 264830 | 424720 | 494007 |
| عەرەب | 43210 | 185763 | 166941 |
| تورك | 146960 | 65893 | 38652 |
| یەهودی | 31000 | 62255 | 61336 |
| یەزیدی | 18000 | 30000 | 26157 |
| کۆچبەر | 170000 | 0000 | 0000 |
| کۆی گشتی | 673900 | 785468 | 801070 |

ئەگەر سەیری ئەو نەخشەیە بکەین بۆمان دەردەکەوێت کە هەر سێ چەوسێنەری کورد مافی کوردبوونی جوولەکە کە کۆمەڵێکی زۆریان کورد بوون هەروەها ئێزێدیەکانیان پێشێل کردووە بە کورد ناوزەد نەکراون. هەروەها لە لایەکی دی هەر یەکەیان مافی بەخۆی داوە ژمارەیەکی کەمتر لە ئاماری ڕاستەقینەی کورد لە ناوچەکەدا بخاتەڕوو. تورکیا ڕەوایەتی زێدەڕۆیی لە ژمارەی ئامارەکاندا بەخۆی داوە و ئاماری خۆی لە بریتانیاو عێراق پتر داناوە وە لە هەردوو لاشیان ئاماری کوردی بە کەمتر داناوە ئەمە لە کاتێکدا کە زۆر تایفەی تری کوردی هەیە ئەوانیش بە کورد ناونووس نەکراون و مافی نەتەوایەتیان پێنەدراوە. لە وانەش وەکو مامۆستا محمد ئەمین زەکی لە کتێبی خوڵاسەیەکی تاریخی کورد و کوردستاندا ئاماژەی پێکردووە ' (بێجگە لە تایفەی یەزیدی هەر لە لیوای موسڵ دا تایفەی (فارلی. باجۆران و شاباك) یش هەیە کە ئەمانەش کوردن و تەدقیقاتی لیژنەی عوسبەت و لئومەمیش ئەمجی هەتا تایید ئەکاو ئەڵێ زمانەکەیان تۆزێ کوردیەکی تێکەڵ و پێکەڵەو ئیعتیقادیان جویە) . . . ئەمە نەك تەنیا نەدانی سەرەتاییترین مافە بە خەڵکی کورد بە تایبەت خەڵکی ئەو ناوچەیەو گوڕینی دیموگرافیای کەرکووکە بەڵکوو مافی هەبوون و دانپێنانی نەداوەتێ وەکو مرۆڤ. بەو شوناس لێسەندنەوەیەش لە کەسایەتییەکی یاساییەوە دەری دەهێنێ بۆ کەسایەتی لە پەراوێزی کارەساتەکانی یاسای ئەو وڵاتە جێگیریان دەکات کە داگیرکەرەکەیەتی. بەو شێوەیە ژێرخانی کەسایەتی یاسایی کە متمانە دەخاتە سەروەری بەتەوەیی نەك سەروەری دەوڵەت دەڕوخێنێ، ئەو ژێرخانەش دەبێت بە هۆی پرەنسیپی دیاری کردنی چارەنووس، بەوەش یەکەم هەنگاوی داگیرکەران بۆ سڕینەوەی نەتەوەی کورد لە سڕینەوەی کەسایەتی یاساییەوە دەستی پێکرد. ئەو فاکتەرەی کە بنەمایە بۆ درووست بوونی سەروەری نەتەوەیی هەنگاوەکانی دی. ئەمەش پێچەوانەی بەندەکانی (15، 2، 3، 4، 28) ی جاڕی گەردوونی مافی مرۆڤە کە 15 دیسامبەری 1941 بڕیاری لەسەر دراوە.

سەرچاوەکان؛

1- د. نوري طالباني. . . . منطقة كركوك و محاولة تغير واقعها القومي
2- د. عبدالرحمن قاسملو. . . . . . . . . . كردستان والاكراد / نەخشەکە